# گەشتنامە

بەشی (4)

حەمەسەعید حەسەن

ئەم سەرسەرییبازانە کەوا هەمسەری بوومن
موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکوو من.
نالی

منیش بۆ ئەو ئاهەنگەی کە بۆ پێشوازیکردن لە سالّی 2005 لە هەولێر ساز کرا، بانگهێشت کرابووم. هونەرمەندان: چۆپی، قادر ئەسعەد و بەنگین، گۆرانییان دەچری. بە ئاگاداری چۆپی کە ئەستێرەگەشەی شەوەکە بوو، گوتە (ناز عەبدوڵلا) کە ئاهەنگەکەی بەڕێوە دەبرد: (قادر ئەسعەد کە گۆرانی دەبێژێت، دەڵێی نیازی هەیە بفڕێت، ئەوە بۆچی کەسێک پێی نالێت، واز لە بالّەفڕێ بهێنێت؟) گوتی: (تەنیا مەگەر تۆ بوێریت ئەوەی پێ بڵێیت.) (شیرینێ لەیلانێ)ی مامۆستا تاهیر تۆفیق کە دوو جار بۆ تیڤی تۆمار کراوە، لە یەکێکیاندا، هێندە دەستی دەبات و دێنێت، بینەر ترسی ئەوەی هەیە باسکی لە شانی بترازێت، لەوی دیکەیاندا، هەر دوو دەستی لە پشتییەوە وا توند گرێ داوە، دەڵێی تیرۆریستە و دەست مارینز کەوتووە.
ترۆتسکی دەڵێت: (یان هەموو شتێک، یان هیچ.) پێ دەچێت کورد، نە بڕوای بە چاری مامناوەندی هەبێت و نە لە هیچ بوارێکدا میانڕۆ بێت، ئەوە نییە ستراتیژمان هەیە، بە چوارمەشقییەوە بەستە دەچڕێت و هەمانە بە دەم فرینەوە، مەقام دەڵێت؟ ئەوە نییە جەلال تالّەبانی، گا پێش حەرەس قەومی دەکەوێت و گا پێش پاسدارا! ئەوە نییە نەوشیروان مستەفا، گا کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەوە قەلاچۆ دەکات کە لە ڕێی ڕاستی مارکس لایان داوە و گا دەنووسێت، هەرگیز بڕوام بە مارکسیزم نەبووە!

کوردیش قەلە،
ئەگەر نا چۆن فلانە کەس
دوای ئەو هەمموو
ناپاکی و نسکۆ و فەشەلە،
هێشتا هەر پێشەوای گەلە!

کەنالّی سەتەلایتی کوردستان ئاهەنگەکەی ڕاستەخۆ پەخش دەکرد و داواش لە من کرا، هۆنراوەیەک بخوێنمەوە. من شیعرێکی ڕۆمانتیکم دەخوێندەوە و هەندێک لە ئامادەبووان، داوای ساتیرەشیعری (کوردیش قەلە)یان

دەکرد؛ لە کۆڕەکەی نووسەرانی هەولێریشدا، بەرەو ڕووی هەمان داواکاری بوومەوە. با شەیدایانی ئەو ساتیرەشیعرە، دڵیان لێم نەڕەنجێت، ئەوە بۆیە داخوازییەکەیانم جێبەجێ نەکرد، چونکە من لە سەری ڕەشەوە، شیعر بە قەڵاچوالانەوە نانێم.

ساڵی 1987 دوای نزیکبوونەوەی ینک لە ئێران، لە ئۆردووگای زێوە، ساتیرەشیعری ‹ئاشتبوونەوەی گشتی›م نووسی، دوای ڕاپەڕین بە هۆی نووسینێکی ‹ئاسۆ›ی شاعیرەوە، زانیم ئەو ساتیرە لە هەفتەنامەی ‹ئاسۆ›دا، بڵاو بووەتەوە. تا ئەم دواییەش نەمدەزانی، ئەو شیعرە کە من لە کوردستانی بن دەستی ئێراندا نووسیومە، چۆن گەییشتووەتە بەغدای بن دەستی بەعس؟

ئیبراهیمی کاکەحەمەی دیلێژەیی کە لەمێژە لە سوێد دەژی و دژایەتیکردنی بەعسی کردووە بە پیشە و پیاوانی سەددام برایەکیان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە، ماڵی ئاوەدان بێت، شەوێک زەنگی لێ دا و گوتی: (ئەوە من بووم، ئەو شیعرەی تۆم لە ‹قوبرس›ەوە، بۆ حەمەسالح عەبدولکەریم خاوێیی، کە لە ‹هاوکاری و ئاسۆ›دا دەینووسی، هەنارد، دەشێت لە ڕێی وییەوە، دەست هەفتەنامەی ‹ئاسۆ› کەوتبێت.) من گەر چی گەلێک جار بە توندی ڕەخنەم لە دەسەڵاتی کوردی گرتووە، وەلێ فاشیستترین دەسەڵاتی کوردیم، لە دیموکراتترین دەسەڵاتی داگیرکەر پێ باشترە. بۆیە ئەوە لە من ناوەشێتەوە، لە سەنگەری بەعسەوە، تەقە لە لایەنێکی کوردی بکەم.

*

منیش وەک ئێوە هەندێک کەسی دووڕوو دەناسم، لایەنی هاوبەشی ئەو دووڕووانە ئەوەیە، هەموویان خۆیان لە دۆکتۆر جەمال نەبەز پێ نەتەوەییترە! کە لە شیراتۆنی هەولێر، ‹محەممەد حەمەباقی›م بینی، هێندە لەگەڵمدا گەرموگوڕ بوو، دەتگوت بە دیداری برایەکی لە ئەنفال قوتاربووی شاد و شوکر بووەتەوە، کەچی دوای هەڵبژاردنەکان لە خزمەت سەرانی ‹پارتی›دا گوتبووی: (ئەگەر دەزگای ئاراس، حەمەسەعید حەسەنی خەڵات نەکردبا، پارتی لە هەولێر، دەنگی زێتری دەهێنا.) ماڵی ‹ئەنشتاین›یشم بە گوڵ گرت، ئاخر لەبەر تیشکی تیۆرییەکەی ویدا، دەشێت ئەوی لە کن من دەکەوێتە خانەی دووڕووییەوە، لای ئەوانەی لە مەیدانی کوردایەتیدا، جەواد مەلا بە شاگرد ڕاناگرن، بکەوێتە خانەی دیپلۆماسییەوە.

من چونکە خۆم پێ عێراقی نییە، بۆ دەنگدان نەچووم، ئەگەر خۆم بە عێراقی زانیبا و بۆ دەنگدانیش بچوومایە، دەنگم بە لیستی کوردستان نەدەدا، چونکە پڕبوو لە ئەنفالچی. ئەگەر فێڵم لە خۆم کردبا و دەنگم بۆ ئەو لیستە لە بەعسی تژییە دابا، ویژدانم ئازاری دەدام و شەوان ئەنفالکراوان دەهاتنە خەوم و پێیان دەگوتم: ئەوە شەرم ناکەیت دەنگی خۆت بە بکوژانی ئێمە بەخشی؟

ئەوە زادەی خۆشخەیاڵییە، ئەگەر بە هیوابین، پارتی خۆی لە کۆنەبەعسییان پاکژ بکاتەوە و ئەنفالچییان بە دادگا بدات. پێم وایە ئەگەر ینک، فایلڕەشانی نێو ڕیزەکانی خۆی ڕیشەکێش کردبا، جێگە بە ئەندازیارەکەی

شەڕی ناوخۆ، دیلکوژەکەی ‹پشتئاشان› و سڤیلکوژەکەی ‹زاخۆ›ش لێژ دەبوو، هەر بۆیە کێشەی فایلڕەشان، دیزە بە دەرخۆنە کرا. ناپاکی پەڵەیەک نییە بە پۆشاکەوە، تا بە ‹تاید›ی ئەمنستییەک شوێنەواری نەمێنێت، مۆرێکە بە نێوچاوانەوە، سڕینەوەی لە توانای هیچ دەسەڵاتدارێک و هیچ لایەنێکی فەرمانڕەوادا نییە. دەزانم سەرانی کوردی باشوور، ئەنفالچییان و فایلڕەشانیان عەفوو کردووە، وەلێ نە من، نە کەسوکاری قوربانییان، نە گەلی کورد و نە مێژوو، لە هیچ کام لەو ناپاک و خوێنڕێژانە، خۆش نەبووین و نابین.

ئێمە خۆمان بەخت ئەکەین

ڕێ بۆ کەریم تەخت ئەکەین.

وەک ئێمە شۆڤڵ بین! عەبدولکەریم قاسم، زوو زوو، دەیفەرموو، (ئەوی چوو، چوو.)* سەرانی کوردیش لە شەیدایانی هەمان تاکتیکن، ئەوە نییە قەت شەن، لە کای کۆن نادەن!

2005. 04. 03

* عفا الله عما سلف.

